کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 14:49 6-4-2007

## ڕێژنە دەسکەوتێک بۆ پەرلەمانتارو وەزیران.. نەمریش بۆ گەندەڵی!! ... میران هەرکی

لەوەتەی پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە، ئەوەندەی خەباتی بۆ بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی ئەندامانی خۆی کردووەو داکۆکی لە مەزلومیەتی ئەو ئەندامانە کردووە، ئەگەر چارەگێکی ئەو هەولانەی بۆ ئەو گرفتە گەورانەی خەلك بکردایە کە گەیشتونەتە سەر ئێسقان، ئەوە ئێستا زۆر بڕیار لە بەرژەوەندی گشتی خەلك دەردەچوو.

پەرلەمان لەو ماوەیەدا (وەك مژدەیەك) بۆ ئەو گەلە مالوێرانەی هەتا ئێستا بە حەسرەتی قومی نەوت و قاپێك بەنزینە، مەترێك زەوی شك نابات نەك بۆ نیشتەجی بوون، بەلکو بۆ گۆڕ، تا مەرگی کۆست کەوتووی خۆی تێدا بنێژی، لە بەر چاوی خێزانە ئەنفال کراوە بی ئومێدەکان، منالە ئاوارەکانی کەرکوك، لە بەر چاوی ئەو پیاوانەی لە دەرەنجامی زولم و غەدر وەك مندالی ساوا لە بەردەم تەلاری پەرلەماندا دەگرین و کەسێك فرمێسکیان نابینی، بی ئەوەی تنۆکێك شەرم لە چاوی ئەو منداله شەهیدانە بکەن کە بۆ کورسی و دەفتەرە دۆلاری ئەوان باوکیان خوێنیان ڕشت، شەرم لە ویژدانی خۆیان بکەنەوە، لەو خەلکەی کە ڕۆژی لە ڕۆژان بڕوای بەوان بەخشی و ئەوانیش درۆیان لەگەلدا کردن، ئەو پەرلەمانە لە جیاتی ئەوەی بچێتە سەنگەری گەل و داکۆکی لە مافی فەرامۆش کراوی ئەو خەلکە بکات، بە هەموو هێزێکییەوە داکۆکی لە ئەندامانی خۆی دەکات، ئەوەندە بەس نیە کە مانگانە بە دەرزەن دۆلاری حەرام لە سەر پشیە خەوە خۆشەکانیان لە پەرلەماندا وەردەگرن، هەر یەکەو بە سەدان مەتر زەویان لە شوێنە نموونەییەکان وەرگرتووە، لە بارتەقای دەست بەرز کردنەوەیان، ئەمجارە تەنها لە مانگێکدا ئەو دەسکەوتە مەزنانەیان بۆ خۆیان بە دەست هێناوە:

1. بەخشینی 15 دەفتەر دۆلار بۆ هەر ئەندام پەرلەمانێك بۆ کڕینی شوقە، کۆی ئەندام پەرلەمانەکان 57 کەسە کە دەکاتە 855 دەفتەرە دۆلار (ئەمە لە چاوی هەلەبجەییەکان کە هەموو ڕۆژی دەپرژێنە سەر شەقام و داوای چارەسەر کردنی قوڕو لیتاوی شەقامەکان و پشتگوی خستنی هەلەبجە دەکەن)
2. بەخشینی 55 ملیۆن دینار لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ کڕینی ئۆتۆمبیلی مۆنیکا و ئامێری نویی مۆبایل بۆ ئەندام پەرلەمانەکان (ئەمەش لە چاوی ئەوانەی بە ڕۆژ لە بەر بی نەوتی دەچنە ژێر بە تانیەکان و لە چاوی ئاوارەکانی ژێر ڕەشمالو کەلاوەکانی کەرکوك)
3. بەخشینی ئۆتۆمبیلی 2007 بۆ ئەو گەڕەکە وەزیرانەی کابینەی نوی و کڕینی خانوو بۆ ئەوانەی خانوویان نیە، بەخشینی پارەش بۆ ئەوانەی خانوویان هەیە بۆ ئەوەی مالی ئەو وەزیرانە جوانترو ئاوەدانتر بکرێتەوە! (ئەمەش لە چاوی ئەوانەی هاواردەکەن لە دەست گەندەلی و ڕۆژ تا ئێوارە بە قسەی بە تال ڕووپەڕی مال پەڕو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بە نوکتەی خۆش دەربارەی گەندەلی پڕ دەکەنەوە! Miran_a2003@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.